# دیمەنی بەبەرد کوشتنی( دوعا ) کام ویژدان ناهەژێنێت..؟

شێرزاد عەزیز

کوشتنی مرۆڤ بۆ هەرچیەک بێت دەکاتە فەوتان و سڕینەوەو مردن . گەرچی لەکۆتاییدا هەموو شێوازەکانی کوشتن یەکسان دەبنەوە بەیەک بەڵام جیاوازی گەورە هەیە کەچۆن ژیان و بوون لە کوژراو دەسەنرێتەوە. لەووڵاتێکی وەک ئەمریکا کەسی سزا دراو بەمەرگ مافی هەڵبژاردنی شێوازی مردنی خۆی هەیە بەڵام لەووڵاتێکی وەک سعودیە تا ئێستاش لەسێدارەدان بەهۆی شمشێرەوە پەیرەو دەکرێت بە سەر پەڕاندن لەلاشە. لەزۆر ووڵاتیشدا لەسێدارەدان هەر نیە. هەموو چەکێک مرۆڤ دەکوژێت بەڵام هەندێک چەک بڕیاری بەکارهێنانی یاساغ کراوە.
پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی ، تراژیدیترین دیمەن وێنەی ئەو کوژراوانە بوون لەبەردەم کامێرا وەک ئاژەڵ سەردەبڕان ، ئەو سەربڕینانە هەموو ویژدانێکی دەهەژان و ئەو پرسیارەی دروست دەکرد تۆڵە یان هەر ئامانجێک چەند گەورە و پیرۆزیش بێت مرۆڤ دەکاتە ئەوەی بە چەقۆ ملی دوژمنەکەی ببڕێت لەکاتێکدا شێوازی ئاسانتر و خێراتر هەبێت.
لەم ڕۆژانەدا دیمەنی کووشتنی کچە ئێزیدی بەبەرد و لەبەر چاوی کامێرا دیمەنێکی هەرە ترسناکی تر بوو ئەو پرسیارەی ووروژاندەوە لە وویژدانا دەبێت ئەوانەی ئابەو شێوەیە کەسێک دەکوژن بۆچی شێوازێکی تر هەڵنابژێرن و تامردن بەردبارانی کچێک دەکەن ئەوانە بەڕاستی وەک هەر مرۆڤێکی تر مرۆڤن.....؟ کوشتن چەند تاوانیش بێت بۆ ئێمە ئاسان نیە پەرژین و سنووری خێزانی ببەزێنین و قسە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کەسانی تر بکەین . بەڵام نمایشکردنی ئەو کوشتنە ئازارێکی دەروونی و وویژدانیش لای کەسانی تر درووست ناکات .. بەبڕوای من کەم کەس هە یە هەست بەتاوان نەکات و وەک ڕەووشتیش بەئەرکی مرۆڤانەی خۆی نەزانێت کەداگایی کردنی تاوانباران وەک چۆن گیانی ئەو کیژە شاد دەکات ئاوەهاش هەموو وویژدانێکی پاک و زیندوو ئارام دەکات. تا ببێتە پەندێکیش بۆ داهاتوو. خۆزگە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی کوردستان بیانتوانیایە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکردایە و بۆ ( دوعا ) و بۆ خۆیان و بۆ مرۆڤایەتی و بۆ مێژووش لەپەرلەمانی کوردستاندا ئەو تاوانەیان ڕیسوا بکردایە.